# حەسرەت

ئاراس قەرەداغی
سوید زستانی1997

هاورێی خۆشەویستم نازانم بەچ ئەلف وبێ یەک نامەیەکت بۆ بنێرم؟ زۆرجار دەڵێم لە ئەلف و بێی بەردەوە دەست پێ بکەم، یان لە ئەلف و بێی کڵۆی بەفر یاخود ئەلف و بێی ئاگر یان ئەلف و بێی هەموو کوردستانم.
حەزدەکەم ڕستەکانم وەکو قژی دارودرەخت درێژ بن، وەکو لوتکەی شاخەکان بەرزبن، وەکو گڤەولورەی ئەشکەوتەکان بەسام بن، حەزدەکەم لەدارستانەکانی کوردستان کۆیان بکەمەوە وتاکو لە سەوزە گیای بەهاران بچن، هەمیشە منداڵیم بەبیر دێتەوەئەو کاتانەی دەست دەدەمە قەڵەم و دەمەوێ سەفیری چەند ووشەیەک بنێرمەوە کوردستان، بەمنداڵی زۆر تەماشای قودرەتی شاخم دەکرد بەترس و سەرسوڕمانەوە هەستم دەکرد لوتکەکان دەقیژێنن..وام ئەزانی ئاو دەگری، ،ئەوکاتانەی دەچوومە سەر گرد و یاڵەکان هەستم دەکرد هەوای ووڵاتە ڕەنگاوڕەنگەکەم خۆشترین عەتری ئەم دنیایەیە، زۆر جار دەچوومە دارستانەکانی سەرچنار و خەونەکانیم دەخوێندەوە و بۆنی تیشکە ئاڵۆزەکانیم دەکرد ئەم زانی هەر ڕۆژێک دێت دەبڕێنەوە.
کەدەچوومە سەر حەسیب ساڵح و گوێم لە دەنگی ئۆتۆمبیلەکان و پاسەکان دەگرت و تەماشای گەڕەکەکانم دەکرد و دەمدی کۆڵانە تەنگەنەفەسەکان چۆن دەڕۆن، جادەو ماڵ و قوتابخانەم دەبینی، کونجی بازاڕو قەیسەری نەقیب و منارە و مزگەوتی گەورەم دەبینی، بەشەو لەسەر سەربانی ماڵەوە دەنووستم یاریم لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکان دەکرد، زۆرجار دەمویست ئەستێرەکان بژمێرم مان گۆرانی چەندی گەڕام لە شاران م دەوتەوە تا خەوم لێدەکەوت، زۆر جاری ترلەبەر تیشکی کوردستانەکەم بەخەبەر دەبوومەوە، زۆر شەو دەمدی ئەستێرە دەڕواو و خۆی دەکرد بەباوەشی پەڵە هەورێکەوە، بە منداڵی لەگەڵ هاورێکانم زۆر یاریمان لەگەڵ کۆتر و پشیلە و سەگ و دار و درەخت دەکرد ئەوکاتانە وام هەست دەکرد من زمانی ئەوانم دەزانی، ئێستا کۆمەڵێک ووشە لەناو دڵمدایە
نازانم کامیان بنووسم، چونکە من بەدوای ووشەیەکدا دەگەڕێم وەکو ئاسک باز بدات، وەکو ئاو تیژ بڕوات و ڕانەوەستێ تا کوردستانەکەم..ووشەیەکم دەوێ وەکو دارچنار بیکەم بەجۆلانی و سەما و گۆرانی و حەیرانی پێڕابهەژێنم، ووشەیەکم دەوێ وەکو خۆڵی گردی سەیوان و لاسکی گیای قەشقۆڵی سەوز و بۆنداربێت، بەدوای چەند ووشەیەکدا دەگەڕێم وەکو ئاو توینێتی بشکێنێ، وەکو نان بێت بۆ برسیەکان، بەکورتی بەدوای چەند ووشەیەک دەگەڕێم کەبتوانێ خەمەکانی شەهیدەکان بڕەوێنێتەوە، بۆچی من بەدوای ئەم ووشانە وێڵم؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
چونکە ئەوکاتانەی من لە کوردستان بووم زۆر شتم دیوە، زۆرجار دیومە کەلوتکەی شاخ دەڕوخا و دەکەوتە خوارەوە، داری دارستانەکانم بینی چۆن دەسوتێنران، داغڵ و دانم بینی کە ئەوەرێ، زۆر ڕەشەبام دیوە، زۆر شەپۆلی ئەشکەنجەی شین و مۆرم دیوە، سەرگەردانی و ئاوارەیی خەڵکم دیوە، زۆر شاخم بینی کۆچمان کرد و گریان و ئاگریان لەخۆیان بەردا،
زۆر خەمم دیوە کەلەدایک دەبێ و گەورە دەبێ، تەماشای مێژووی میللەتەکەم دەکرد وەکو نێچیر دەخورێت، زۆر تاوانم دی لەخاکدا وەکو داربەڕوو چێنرا، زۆر غەدرم دی ڕازاوە، زۆر ئاوی ناپاکم دی، گوڵدانی ژەهرم بینی، زۆر ژنم دی کران بەپەند و وەکو ماسی قولاپیان لێ گیر کردن و وەکو شەونمی درەخت دڵۆپ دڵۆپ ئابڕویان لێ تکاندن، زۆرجار دیومە هاورێ پەنجەی هاورێی خۆی فرۆشتووە هەر لەودیوی دەرگاکەوە.......
زۆر جار لێم دەپرسن خەڵکی کام ووڵاتی؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
کەبیر لە نیشتیمانی خۆم دەکەمەوە کوردستانم وەکو ئەسپێکی شەکەت دێتە بەر چاو کە بارمان کردبێ لە فیشەک و تەقەمەنی یان وەکو گەراجێکی گەورە بۆ فرۆشتنی کەل و پەلی قاچاخ و سیاسەتی فرەوەر....

بۆیە ناچارم لەفەرهەنگی دڵی خۆمدا کەدرێژترین ووشەی دڵ بە خوێن و پیتی ڕەش پۆش و ڕستەی خەم و پەژارەی تیایە،من هیچ فەرهەنگێک دادم نادات تەنیا ئەوکاتانە نەبێ کەلەباوەشی کوردستانەکەم بووم، هەموو شەوانی مانگە شەوانێ سواری ملی مانگ دەبووم و تانیوەشەو تریفەی مانگم دەکردە هاوڕێی خۆم،،،دەگەڕێم بەدوای ئەو لاپەڕانەی کە تیایدا لەسەر بەرزترین لوتکە لەوەرزی بەفرو کرێوەدا پیاوی بەفر و کچی بەفر و شێری بەفر کە خۆم دروستم دەکرد...

ئێستا من هێندە دوورم لە وولاتی خۆم هێندە دوورم بۆیە حەزدەکەم بتوانم چەند ووشەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و بریقەدار بنێرمەوە کەکەس ووشەی وای نەدیبێ و لە ئەلف وبێی هیچ شاعیرێک و هونەرمەندێک نەبیسترابێت و نەبینرابێت،بەڵام هەرچەند بیردەکەمەوە چۆن بتوانم چۆن؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

چۆن بتوانم ڕستەکانی ئەم زمانە بکەم بە پرچێکی درێژ بۆ کچێکی سلێمانی یەکەم؟چۆن بتوانم خوێنی دڵی خۆم بکەم بە جامێک دەنکە حەرف و ملوانکەیەکی پێ دروست بکەم، چۆن بتوانم چاوی ووشەکانم کەمێک ڕەش بکەم بە کلدانی قەڵەمی غەریبی و بەکلی دووری،چۆن بتوانم و چی بکەم بۆئەوەی پیتەکانم بکەم بە زەنگۆڵەیەک و بیئاڵینمە ملی بەرخی کوردستانەکەم....

ئەم قەڵەمەی دەستم وەکو هەور وایە فرمێسکی مەرەکەبەکەی هەمووی سووتانە،کاتێ دەمەوێ بنووسم بۆ گیا بۆ ئاسۆ و بۆ گزنگ و بۆ گوڵ و گیا ئەنووسم،بۆ یادگاریەکانم و پێکەنین و زەردەخەنەکانم و چرپەکانی خۆشیم ئەنووسم...

لەوەتەی هاتومەتە سویدی ساردەوە هەموو شەوێ خەو بە لقی درەخت و چڵ و ئاوازی دارێکی کوردستانەکەم دەبینم،کە دەنووم خەو بە باوەشی پرشنگ و هێشوویەک ماچ دەبینم،زۆر شەویش خەو بە فڕینی باڵدار و گوڵاڵە و شەونم دەبینم،زۆر ڕۆژێش من دەبم بە پەڕە دەفتەرێک ە بەسەرهاتێک دەنووسم،بەڵام من چۆن ئەم هەموو شتانەم پێ دەنووسرێ؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەگەر گەڕەکێکی سلێمانی یەکەم نەبوایە من کەی ئەمتوانی وەکو ماسی ئەم دەریا و ئەو دەریا بکەم،ئەگەر چاوی ڕەشی کچیکی کوردستان نەبوایە،،،،،،،،،،،

ئاخ بۆ ئەو هەینیانەی کەلەجادەکانی تووی مەلیک و سەهۆڵەکە و سەرچنار،،،جادەکان هەموو کێڵگەی گەنم وجۆی کچان بوو ئێمەش دەبووینە باران بەئاسمانی کوردستانەکەمانەوە.....

ویستم لێرە لە وولاتی ساڵ دوانزەمانگ بەفراوی، وولاتی کچی سپی وسمۆرە و ئاسک نامەیەکت بۆ بنووسم،بۆ شارەکەی جاری جارانم،شاری پێکەنین و منداڵیم،شاری تەمەن و خوێندنم،شاری منارەی سەرشکاو و شاخی گریا و شەقامی وێڵ و ئاوارە و کۆڵانی بریندار و بازاڕی بێکەسی سلێمانی یەکەم...

ئەمشەو لەخەوما سلێمانی م دی ژنێکی باڵابەرزی ڕەشپۆش بوو،مامە یارەی لەناو لەپی دەستی دا کۆکردبۆوە،منارەی لەسەر نووکی پەنجەی خوێناوی خۆی ڕاگرتبوو،جار جار لەسەر هەیبەت سوڵتان ڕائەوەستا و جار جاریش لەسەر گردی شەهیدان دائەنەوی و تک تک خوێنی لێ دەتکا،تابووتی لەشکری شکاوی شەهیدانی شەڕی ناوخۆی دەرئەهێنا و دەگەڕایەوە سەر هەیبەت سوڵتان، لە دواوە شەهوەت و خوێن بەرگە ڕەشەکەی کردبۆ ڕەنگێکی وەنەوشەیی،چاووم لێی بوو لەزەوی شەهیداندا جامانە و یاداشتنامە و پشتێنی کاوەی باپیرانی ئێمەی دەردەهێناو دوودڵۆپ فرمێسکی بەسەردا دەکرد و دەیخستەوە هەناوی گردەکە،هەمیشە پەرتوکێکی لەهەناودا بوو دەری دەهێناپرتوکێکی سەوز بەخەتێکی ئاڵتونی لێی نووسرابوو.......(ئاڤێستا)...

کەدانەوی مەمکی سلێمانی جووتێک تۆپەڵە بەفری سپی بوون لەژێر بەرگی ئەم ژنەدا،کەدەستم بۆ برد ڕاچڵەکیم و خەبەرم بۆوە،ووتم ئاخۆ ئەبێ سلێمانی بۆ وابێ؟؟؟؟؟؟

لە دڵی خۆمدا ووتم ڕەنگە سلێمانی درەختێکی گەنجی لێ مردبێ،یان لەم شەوانەدا زریان کچێکی جوانی لێ فڕاندبێ،مان بۆی هەیە هەواڵی کوژرانی پۆلە مەلێکی خۆی بۆ هاتبێ...

ئەوینی شارەکەم و هاوڕێکانم و یادگاریەکانم لەدڵمدا وەکو ئاگر دەمسوتێنێ،کچە جوانەکانی،شەرمنەکانی،خاتوونەکانی...

هەموو کچەکانی ئەوروپام لەبەرچاوو لێڵن..ئەگەر عەشقی شارەکەم باران بووایە هەموو کات خۆمم پێ تەڕئەکرد، ئەگەر

ئاگر بووایە هەڵئەپەڕیم تیایا، ئەگەر ئاسمان بووایە بۆی ئەفڕیم،ئەگەر دەغڵ ودان بووایە ئەبووم بەباران، ئەگەر شاماڵ بووایە ئەبووم بە نەرمەگیا و پێی ئەشنامەوە،ئەگەر بەفر بووایە شەڕە تۆپەڵم پێ دەکرد،ئەگەر و ئەگەر و ئەگەر....

لە کوردستان هەمیشە حەزم ئەکرد بچمە سەر لوتکەکان ئەمووت بزانم هەڵۆ چۆن دەفڕێ،نەورۆزان لەسەر لوتکەی حەسارۆست تەماشای پیرەمەگرونم دەکرد کەوتبووە ژێر پێی پەڵە هەورێ،کەتەماشای سەفینم دەکرد وەک چۆن منداڵێک بەدامێنی چیا هەڵبگەڕێ ئەویش ئاوا بەلاپاڵی پیرەمەگروندا هەڵدەگەڕا، لەسەر هەیبەت سوڵتانەوە سەیری سلێمانیم دەکرد شایی یەکی ڕەشبەڵەک بوو...

بەڵام ئێستا هەموو کوردستانم بەهاری لێ دەتۆرێ و باڵندەی لێ دەکوژرێ و ئەستێرەی لێ ئەڕژێ و هەتاوی لێ دەگیرێ شاخ و بەردی دەشکێنرێ و کانی لێ کوێر دەکرێت و شەقام و جادە و کۆلانی لێ دەفرۆشرێ و بۆی هەیە چەند درەختێک ناوی تاوانباران لەسەر ڕەگەکانیان تۆمار بکەن،بەڵام چی بکەم ئەوە درەختی هەزار ساڵەم ناوی هەزاران تاوانباریان لەسەر نوسراوە،چی یان لێ بکەم؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەوکاتانەی لە سلێمانی بووم زۆر حەزم دەکرد بگەم بە ئەورووپای سور و سپی،ئەورووپای باڕی پڕ لەشەراب و دیسکۆی گەورە ە خۆش و شەقامی شوشە بەند و پارکی پڕ لە کوڕ و کچ و خواردنی بەتام،بەڵام ئەوە چەندین ساڵە زۆربەی وڵاتەکانی ئەورووپام بینی،سەرم بەزۆربەی دیسکۆکانی شەوان کرد،لێوم لە زۆربەی لێوی کچی چاوشین باڵابەرزدا تێکەڵاوکرد،پیاسەم بەناو زۆربەی دارستانە چڕەکاندا کرد،سنگم نا بەسنگی زۆربەی دەریاکانەوە، لەزۆربەی چێشتخانەکاندا قرژاڵ و ڕۆبیان و ماری ئاوی و گۆشتی بەراز و کەروێشکی کێوی و ساندویجی وورچ و زۆری تر کە ناویانم نەدەزانی لە جیاتی کفتەی کوردەواری و گەنمە کووتاو و یاپراخ ی سلێمانی یەکەم دەمخواردن....

هاورێ باوەڕ بکە ئەو کاتانەی هەنگاووم لەسەر جادەی ئەکرۆپۆلی ئەسینا هەڵدەهێنا و بەسەر شەقامی قەیسەری ڕۆمانیا دەڕۆیشتم و لەسەر شۆستەی جادەکانی شانزەلیری فەڕەنسادا پیاسەم دەکرد و بەسەر پشتی هێڵی ئاسنی هامبۆرگ و شتوتگارد و هانۆڤەری ئەڵمانیا و وورده وورده‌ش بەسەر جادەی هێمنی مارگرێت ی کۆپنهاگن لە دانیمارک و کەزۆر جاریش لەسەر جادەی کریستینا گۆستاڤ ی سوید دەکەم بیرم هەر لای ئەو کاتانەیە کەبەسەر پشتی جادەی مەتری یەکەدا دەڕۆیشتم، هەر خۆزگە بۆ بەردەرکی سەرا و جادە بریندارەکانی سەهۆڵەکە و قەیسەری نەقیب و جادەی ئۆرزی باک و پیرەمێرد و بەربەلەدێکە دەخوازم، ئەو کاتانەی کەدەبم بە میوانی شەمەندەفەرێکی تیژڕەوی هێمنی ئەوروپا حەسرەتم بۆ ناو پاسێکی ڕزگاری و سەرچنار هەڵدەکێشم کە زۆربەی خەڵکەکە هەریەکە و قازێک یان مراوی یەک یان مریشکێک و دەستە تورێکیان پێ بوو، جار جاریش کچێکی چاوڕەشی عەبابەسەر ئەبوو بەمیوانی پاسەکە و تا دەهاتە خوارەوە هەر تەماشامان دەکرد.....

ئەو کاتانەی بەدیار موزیکی دانس و پۆپ و ڕۆک و جازدا ڕادەوەستم خەیاڵم دەبێت بە ووشە و دەچێتە لای مەقامەکانی حەمە ساڵح دیلان و عەلی مەردان ......

کەتەماشای تراژیدیای ڕۆمیۆ و جولێت دەکەم مەم و زین،شیرین و فەرهاد،خەج و سیامەند،نالی و حەبیبە م بەبیر دێتەوە....

هەرچەندە تەماشای باخچە ڕازاوەکانی ئەم ئەوروپایە دەکەم  چاووم هەر لای بەژنی درەختەکانی سەرچنار و باخی ئازادی و سنەوبەرەکان و گەڕەکەکانی سلێمانی یەکەمە..

بیرم هەر لای ئەو کاتانەیە کە سلێمانی م بە جێهێشت،سەیری درەختی سەر شۆستەی جادەکانم دەکرد کەبەڕیز وەستابوون وەک بڵێی پێیان دەووتم...ناگەڕێیتەوە؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

بەڵام من وەک چۆن عاشقێک لە مەعشوقەکەی بێزاربێت و لێی دڵگیربێت و نەیدوێنێ وام لێ هاتبوو، سەیری درەختەکانم دەکرد وامدەزانی شۆڕەسواری باڵابەرزن لە ئاست ڕۆشتنی من وەستاون و هاتوون ماڵئاوایم لێبکەن.....

کەسنووری شارم بەزاند بۆدواجار تەماشای کچە چاوڕەشەکانم دەکرد،بەیانی بوو

هەندێکیان تازە لەخەو هەڵسابوون،هێشتا قژی نازداریان دانەهێنابوو، تەماشای جل و بەرگ ی سپی و شین م دەکردن کەدەچوون بەرەو قوتابخانە و هەر لەپۆلە کۆتری سەرباڵ شین دەچوون، ، ،ئای کەدیمەنێکی چەندە جوان بوو........

ئەگەر غەدری ڕۆژگار و تاوانی باپیرە گەورەکانی گەلەکەمان نەبووایە هەرگیز ئەو پۆلە کۆترانەم جێنەدەهێشت...

لەگەڵ چاو بەفرمێسک ووشک نەبووم بۆ خاک و پێشتر بۆ چێهێشتنی دایک و کەسوکار چاووم هەر لای ئەو خەڵکە بوو کەساڵانێک بوو لەیەک شاری موحیبەت دا دەژیاین، ئەو کیژۆڵانەم جێهێشت کە ماچی لێویان ماچی خودایی یە،ئەو کیژۆڵانەی کە مەمکیان وەک جووتێ سمۆرە هەر ئەوەیە لە کراسەکەیدا دەرناپەڕێ،کە جوانیان لەگەڵ دەنگی زۆربەی گۆرانی بێژەکان تێکەڵ بووە،زۆربەی شاعیرەکان قژی شێواویان بۆ داهێناون،،،،،،،

بۆ دواجار لەسەر هەیبەت سوڵتانەوە سەیری کوردستانەکەم دەکرد وەک پێم بڵی بەبیرت دێ نەورۆزان دەهاتیتە ئەم دەڤەرە،لەمەودوا نەورۆزەکان چۆن بێ من هەڵدەکەیت؟؟؟؟؟؟؟؟

منیش لەو کاتەدا بەچەند فرمێسکێکی گەش وەڵامم دایەوە...

کە سنوور سنوور کوردستانم جێدەهێشت وورده وورده چکۆلەتر دەبۆوە چاوم هەر لای ئەو ژنانە بوو جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و جار جاریش ڕەش یان لەبەر بوو دوو زولفی ڕەشیان لێ لوول دابوو،کەتەماشام دەکردن هەر لە پەری ئاسمانان دەچوون،پشتێنەکانیان  هێندە لەسەر کەمەر لاربوبۆوە ڕۆحی هەزارەها شەیدای وەکو منیان دەردەهێنا....

کە کوردستانم جێهێشت پرسیم ئایا جارێکی تر دەگەڕێمەوە باوەشی بەهار و لەگەڵ نەورۆز دەستی یەکدەگرین؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

لەم کاتەدا هیوا وەک گەڵایەکی پاییز لەناو چاووم ئەوەری،،،کەچی دڵم دەیگووت

ڕۆژێک دادێت +دڵت وەک بالذآڕێکی برسی بەسەر ئاسمانی ئەم کوردستانەوە دەخولێتەوە.

هاوڕێ.....

ئاخ خۆزگە دەتزانی چەندە بیری شەو و ڕۆژی کوردستانەکەم دەکەم،چەند حەز دەکەم جارێکی تر بگەڕێمەوە ،لە کوردستانەکەمدا بەیانیان ئەوکاتە لەخەو هەستم کاتێ کەهەتاوی گەرم و بەجۆش لە لوتکەکانی شاخەکانەوە هەڵدێ و بەرگیانم دەکەوێ........

لێرە لەم ئەوروپایە چەندە لە موزیکیان بێزارم،خۆزگەم بەخۆتان کەبەلقی درەختەکان شمشاڵی خەم ڕەوێن دروست دەکەن و ئاوازی شەنگە بێری و توخوا شوانە و ....هتد لێ دەدەن،بۆخۆتان بەتیشکی کوردستان دڵتان ئاشنا دەکەن..........

ئەگەر ئەمجارە کوردستان باواشم بۆ بکاتەوە بڕیارم داوە دەبێ دەستی چەم بگرم و هەڵپەڕم، ئەبێ دڵداری لە بناری لوتکە بکەم و شاخ بکەم بە هاوڕێ، ،حەزدەکەم لە نێوان دوو باخدا بنووم هەر بۆئەوەی خەوی سەوز و سور ببینم، ،حەزدەکەم شەوانە نەنووم و لە نێوانی ئەستێرەکانی ئاسمان دا خۆم مەڵاس بدەم تا لە نهێنیەکانی شەو تێبگەم........

بۆ دواجار حەزم ئەوەیە دەمەوێ هەرهیچ نەبێت جارێکی تر بێمەوە کوردستان و لەباوەشی دایکی شیرینم دانیشم هەر بۆ ئەوەی لە نهێنی گەورەترین خۆشەویستی ئەم سەر زەمینە بگەم......

# بەڵام ئاخ بۆ کوردستانم........گەورەکان لێناگەڕێن ئێمە بژین

ئێمە لەناو دەریای ئاودا مەلە دەکەین...کەچی لە تینێتی دا دەخنکێین

لەناو گوڵە گەنمدا گەورە دەبین.......کەچی لەبرساندا دەمرین

لەسەر پشتی مەنجەنیقی نەوتی ڕەش هەڵدەپەڕین...کەچی سەرما دەمانکوژێ